# عێراق: بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ

ڕاپۆرتی باروودۆخ  ژمارە. 12  (12ی کانوونی یەکەم – 18ی کانوونی یەکەم 2016)

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن نووسینگەی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوکارانی کاروباری مرۆیی ئامادە کراوە. لەبەر گۆڕانی باروودۆخەکە بە هەرەمەکی، ئەگەری هەیە کە ژمارەکان و شوێنەکان کە بە لیستێك لەم ڕاپۆرتە دانراون گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ڕاپۆرتی داهاتوو لە دەوروبەری 26ی کانوونی یەکەم بڵاودەبێتەوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

- 103,872کەس ئاوارەبوون، نزیکەی 10,000ئاوارەی گەڕاوە و بە سەدان و هەزاران هاووڵاتی زیان بەرکەوتوو لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان پێویستیان بە هاوکاریە.
- زۆربەی زۆری یەك ملیۆن کەس دەخەملێندرێن کە دەستیان بە هاوکاری مرۆیی ناگات لە ناو شاری موسڵ. بە تایبەتی نیگەرانی لەبارەی ڕاپۆرتەکانی کورتهێنان لە خۆراك و ئاو هەن.
- بریندارانی ڕاتەکانی دەروونی لە ناو هاووڵاتیان بەردەوامە لەوەی کە وەك نیگەرانیەکی بەرچاو بێت، لەگەڵ 661 کەس لەهەفتەی ڕابردوودا ڕاپۆرت کراون کەوا بریندداربوون، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کەوتنە بەر تەقەکردن و مینەکان و تەقەکردنی ناڕاستەوخۆ. ژمارەیەکی هاوشێوە لە ڕەوانەکردن بۆ نەخۆشەکان هەبوون لە ماوەی هافتەی ڕابردوودا.
- بەهاناوەچوون بۆ موسڵ بریتی یە لە قەیرانێکی پاراستن. 263 کچ و کوڕ تۆمارکراون بۆ بەدواداچوونیان لەلایەن کارمەندانی کۆمەڵایەتی. زیاتر لە 127,675 کەس هاوکاری کراون بە پێدانی خزمەتگوزاریەکانی پاراستن لە ماوەی ١٧ی تشرینی یەکەم.




مصادر الخريطة: مكتب الأمم المتحدة لتنسيق الشؤون الإنسانية، وتنسيق وإدارة المخيم، ومصفوفة تتبع النزوح التابعة للمنظمة الدولية للهجرة ، والمجموعات. الحدود والأسماء الموضحة والتسميات المستخدمة على هذه الخريطة لا تعني إقراراً أو قبولاً رسمياً من قبل الأمم المتحدة. تاريخ إنشاء الخارطة : 19 كانون الأول/ ديسمبر 2016

**41,000**
شوێن لەبەردەستدان بۆ تازە گەیشتوان بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

**83,000**
کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون بۆ ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان و کۆمەڵگا خانەخوێییەکان

**92,000**
کەس ڕاوێژکردنە پزیشکیەکانیان وەرگرتووە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

**266,000**
کەس کەل و پەلەکانی ناوماڵیان وەرگرتووە لەوانە پێداویستیەکانی وەرزی زستان (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

**286,000**
کەس خۆراکیان وەرگرتووە کە بۆ ماوەی یەك مانگ بەش دەکات (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

**356,000**
کەس پاکێجەکانی بەهاناوەچوونی تەنگەتاویان وەرگرتووە کە پێك دێن لە خۆراك و ئاو و کەل و پەلەکانی پاك و خاوێنی (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ باروودۆخەکە

دوای دوو مانگی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکانی هێزە عێراقیەکان بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ لە دەستی داعش، لە ئێستادا 103,872 کەس بەهۆی جەنگەکەوە ئاوارەبوون.

هیچ خەملاندنێکی تەواو نیە لەسەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەوانەیە هێشتا لە ناوچەکانی کۆنترۆڵکراو لەلایەن داعش ژیان بگوزەرێنن و هیچ هەڵسەنگاندنێکی مرۆییش ناتواندرێت ئەنجام بدرێت. کۆمەڵگای مرۆیی زۆر نیگەرانە لە بارەی باروودۆخە مرۆییەکان لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ، هەرچەندە، وەك کۆگاکانی کەل و پەلە سەرەکیەکانی ناوماڵ لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ نوێ نەکراونەتەوە و پێدەچێت کۆمەکی کەمیان هەبێت دوابەدوای پێکدادانەکان لە سێ هەفتەی ڕابردوو کە بووە هۆی داخستنی ڕێگاکانی کۆمەکی کردنی شارەکە.

ژمارەی ئاوارەکان زیادکردووە بە 12,468 ئاوارە لە ماوەی هەفتەی ڕابردوو. نیگەرانیەك هەیە کە، دەبێت ئۆپەڕاسیۆنە سەربازیەکان لە موسڵ چڕببنەوە، ژمارەی زۆرتری خەڵك لەوانەیە بەو هۆیەوە ئاوارەببن. لە گەڕەکە تازە ئازادکراوەکانی شاری موسڵ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، تەقەکردنی ناڕاستەوخۆی پچڕ پچڕ بۆ ناو ماڵەکان و شوێنە گشتیەکان بریتی یە لە هۆکارێکی هاننەدانی هەندێك لەو ئاوارانەی کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانە.

چەند کاروانێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەستگەیشتن و هاوکاری گەیاندن بۆ ناوچە تازە ئازادکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە ماوی هەفتەی ڕابردوودا ئەنجام دراون، و بەڵگەیە کە هاووڵاتیان هێشتا ناتوانن دەستیان بە ئاوی خواردنەوەی خاوێن بگات. زۆربەی خەڵك لەو ناوچانە پشت دەبەستن بە بیرە تازەکان و کۆکردنەوەی ئاوی باران بۆ دابین کردنی ئاوی خۆیان. هاوکارانی کاروباری مرۆیی بەردەوامن لە ناردنی تانکەری ئاو بۆ 15 گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، کە نزیکەی بڕی 450,000 لیتری ئاو ڕۆژانە دەنێرێت بۆ نزیکەی 45,000 کەس. ئەوەش ڕوونە کە قەبارەی ئاوی گەیاندراو پێویستی بە زیادکردن هەیە بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە.

کورتهێنانی خۆراك لە ناوچە تازە ئازادکراوەکانی شاری موسڵیش بریتی یە لە نیگەرانیەك. وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی سەر بە حکومەت ناوەندی نیگەرانیەکی تایبەتی دەربڕیوە لە بارەی ئەمن و ئاسایشی خۆراك لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ. پاکێجەکانی کۆمەکی فریاگوزاری کە تیایدایە لەوانە خۆراك، لە نێوان کەل و پەلەکانی تر، پێشتر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان دابەشکرابوون بۆ نزیکەی 45,000 کەس لە هەندێك ناوچەی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ. ئەگەر ئەمن و ئاسایش ڕێگابدات، دابەشکردنێکی زیاتری کۆمەکی فریاگوزاری بەپەلەی هاوکاری فرە کەرت خشتەی بۆ دانراوە.

برینداراني ڕاتەکانی دەروونی، برینەکانی کە ئەگەریان هەیە ببنە هۆی پەککەوتەیی درێژخایەن یان مردن، بە شێوەیەکی بەرچاو لەماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا زیادیان کردووە. زۆربەی ئەو برینانەی ڕاتەکانی دەروونی بەهۆی تەقەکردنەکان و تەقەکردنی ناڕاستەخۆ لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵەوەیە. ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن ئەو حاڵەتانە دەگوازنەوە لە شاری موسڵ بۆ نەخۆشخانەکان لە هەولێر، بەڵام پێویستیەکی بەپەلە هەیە بۆ زیادکردنی ئاسانکاریەکانی تەنگەتاوی پزیشکی بۆ نزیك لە بەرەکانی شەڕ بۆ دابین کردنی جیاکردنەوەی برینداران و سەقامگیرکردنیان. خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی ئاستی دوو ئەوانیش پێویستە بێنە نزیك شاری موسڵ بۆ ئاسانکردنی ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانی نەخۆشخانەکانی هەولێرە.

بارانی بەلێزمە لە هەفتەی ڕابردوو بۆتە هۆی بارگرانی بەسەر شانی ئەو کەسانەی کە دەمێننەوە لە شارۆچکە و گەڕەکە ئازادکراوەکان، ئەو کەسانەشی کە بۆ خێوەتگەکان ڕایانکردووە. لافاو لە هەندێك لە خێوەتگەکان دروست بووە، لەگەڵ هێلی زێراب زیاتر پێویستە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە ئاوی بەکارهێندراو نابێتە هۆی پیسبوونی ئاوی خواردنەوە و ئەگەری نەخۆشیە گوازتراوەکانی ئاو کۆنترۆڵکراون. هەروەها پلەکانی گەرماش دابەزیون لە هەفتەکانی ئەم دواییە، لەگەڵ بارینی بەفر لە هەندێك ناوچە. پەناگەی پارێزراو، گەرمکەرەوە و سووتەمەنی، جل و بەرگی گەرم و بەتانیەکان بریتین لە پێویستیە لەپێشینەکان بۆ ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە. پێداویستیەکانی وەرزی زستانیش دابەشکراون بۆ 22,875 خێزان کە لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان ژیان دەگوزەرێنن.

دامەزراندن و بەردەوامیدان بە دەستگەیشتنی مرۆیی وەك کێشەیەکی ڕاستەقینە دەمێنێتەوە بۆ دڵنیاکردنەوەی دابەش کردنی کۆمەکی مرۆیی لە نزیك بەرەکانی جەنگ، لەو شوێنەی کە زۆر پێویستە، لەهەر شوێنێك بکرێت، هەوڵەکان دراون بۆ ئەنجامدانی کاروانەکانی دەستگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ئەمن و ئاسایش بۆ ناو ناوچەکانی کە بەم دواییە ئازادکراونەتەوە، دوابەدوای هاوکاری بەهاناوەچوونی بەپەلە. کۆمەڵگای مرۆیی بەردەوامە لە بانگەشە کردن بۆ هەموو لایەنەکانی ئەم ململانێیە بۆ دڵنیاکردنەوەی دەستگەیشتنی مرۆیی و ڕێگەدان بە گەیاندنەکانی کۆمەکی فریاگوزاری تاکو دەستی بە هەموو ئەو کەسانە بگات کە پێویستیان بە هاوکاریە، لە هەر شوێنێك ئەوانی تێدابن.

لەم هەفتەیە، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران 3,000 پارچەی خۆراکی ووشك و 800 پارچەی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردنی لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و لە لادێ ی تەواچنە و لادێیەکانی نەمروود دابەشکردووە. 1,000ڕەشماڵیش لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە لە قەزای کەرکوك دابەش کرابوون.

# پاڵپشتی کردنی دارایی

**Mosul Flash Appeal**




**Funding by sector (in million US$)**




هەروەك لە 18ی کانوونی یەکەم، بڕی بەشداری کردنەکان بۆ بانگەشەی بەپەلەی موسڵ گەیشتوتە 236.6$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی، کە نزیکەی لە سەدا 83ی بڕی پێویست دەنوێنێت. لەگەڵ هاتنی بەشداریکردنەکان، هاوکاران بەردەوامن لە خێراکردنی هەوڵەکانی ئامادەکاری بۆ زیادکردنی توانای خێوەتگە و دابین کردنی هاوکاری وەرزی زستانە و بۆ ئەنجام دانی چالاکیەکانی بەهاناوەچوونی سەرەتایی. هاوکاران پلان بۆ چالاکیەکانی بەهاناوەچوون دادەنێن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە، لەوانە بۆ ئەو کەسانەی کە ئاوارەبوون و بۆ هاووڵاتیانی زیان پێگەیشتوو. سندوقی ناوەندی بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی ڕەزامەندی داوە بۆ سەرفکردنی 9.4$ ملیۆن دۆلار بۆ تەندروستی دایکایەتی و چالاکیەکانی وەرزی زستانە. بڕی 9$ ملیۆن دۆلاری تر لە ئێستادا لەبەرچاو دەگرێت بۆ هاوکاری کردنی هێلی کۆمەکی سەرەکی و ڕزگارکردنی ژیان. لەم هەفتەیە سێ گەشتی ئاسمانی کە هاوکاری تەنگەتاوی جۆری هەڵگرتبوو لەلایەن میکانیزمی پاراستنی مەدەنی سەر بە یەکێتی ئەوروپا گەیشتە هەولێر. ئەو بارهەڵگرانە تیایدا لەوانە بەتانیەکان، ڕەشماڵەکان، پێداویستیەکانی دایکایەتی، فەرشەکان، کۆمەکیە پزیشکیەکان، و 17 مۆلیدە، لەوانە مۆلیدەیەکی جۆری 300KVA بۆ دابین کردنی کارەبا بۆ نەخۆشخانەیەك. کۆی گشتی پێویستیەکانی پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ عێراق لە ساڵی 2017، لەوانە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ، لە ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەم پێشکەش بە گروپی سەرەکی کۆمەکبەخشانی عێراق کرابوون. بۆ ساڵی 2017، هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکان و پلاندانانی ژمارەکان پێشنیازی ئەوە دەکات کە نزیکەی 930$ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی پێویست دەبێت بۆ هاوکاری کردنی بەلایەنی کەمەوە5.8 ملیۆن کەس کە پێویستیان بە هاوکاریە. پلانی بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠١٦ بۆ هەموو عێراق تەنها 81 لەسەدای وەرگیراوە لەو 861$ ملیۆن دۆلارە ئەمەریکیەی کە پێویستە بۆ دابین کردنی هاوکاری ڕزگارکردنی ژیان بۆ 7.3 ملیۆن عێراقی زیان پێگەیشتوو.

**Total Iraq funding 2016**




**US$1.1billion**
total requested by the Iraq Humanitarian Response Plan 2016 and Mosul Flash Appeal

**$861m**
requested by the Iraq Humanitarian Response Plan 2016

**$284m**
requested by the Mosul Flash Appeal

***$89.2m**
funding from the Iraq Humanitarian Pooled Fund to both appeals

# بەهاناوەچوونی مرۆیی

## میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە

**167,283**

کەس دەستیان پێگەیێندراوە بە پێدانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە (لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم)

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە یان لە ڕێگادان بۆ ناو خێوەتگەکانی ئاوارەبوون و شوێنە تەنگەتاویەکان پێویستیان بە هاوکاری بەپەلەی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانە.

بەهاناوەچوون:

- لەماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 3,954 پێداویستیەکانی میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە بۆ 3,703 خێزان کە دەکاتە ( 19,054 کەس) دابەشکراون. زۆربەی ئەو پێداویستیانە دابەشکرابوون بۆ ئەو خێزانە ئاوارانەی کە دەگەیشتنە خێوەتگەی بنکەی ئاسمانی گەیارە ( 6,580 کەس)، خێوەتگەی خازر( 6,344 کەس) و خێوەتگەی جەدعە ( 5,139 کەس) و خێوەتگەی دیبەگە ( 157 کەس).
- لەو کاتەی دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنی موسڵ لە ١٧ی تشرینی یەکەم، هاوکارانی کاروباری میکانیزمی بەهاناوەچوونی بەپەلە پێداویستیە تەنگەتاویەکانیان بۆ 167,283کەس( لەوانە 77,079 منداڵ) دابەشکردووە، لەو ژمارەیە هەندێك لە 23,177کەس دەستیان پێگەیێندراوە لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە

**41,592**

کەس دەتواندرێت نیشتەجێ بکرێن ئەمرۆ لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان

پێویستیەکان:

- نزیکەی٨٠ لەسەدای ئەو کەسانەی ئێستا ئاوارەبوون پەناگەیان لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان دۆزیوەتەوە (نزیکەیی 83,000 کەس)، ئاوارەکانی تر لە ناو کۆمەڵگا خانەخۆییەکان و شوێنە نافەرمیەکان دەمێننەوە.
- ئاوارەبوون بەردەوام لە زیادبووندایە. خێوەتگەکانی حەسەن شام و خازر و قەیماوە (پێشووتر پێ ی دەگوترا زێلیکان) پڕبوونەتەوە. فراوانکردنی هەندێك لەو خێوەتگایانە لە ئێستادا لە ڕێگادان. خێوەتگەی جەدعە تواناى خۆی گەیشتۆتە ئەو توانایە کاتیەی کە بۆی دانراوە، لەگەڵ 2,000 شوێنی ڕەشماڵی تر بەپەلە ئامادە دەکرێت.

بەهاناوەچوون:

- کاروانێکی پلاندانانی شوێنەکە بەڕێوەچوو لە ماوەی ئەم هەفتەیە بۆ ئەگەری دەستنیشان کردنی شوێنێك بۆ دامەزراندنی شوێنێکی تازە.
- هاوکارانی کاروباری هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بەردەوامن لە ئامادەکردنی شوێنە تەنگەتاویەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە گروپەکانی پەناگە و ئاو و خاوێن کردنەوە و پاك و خاوێنی و کەل و پەل و تەندروستی و ئاسایشی خۆراك و پاراستن و پەروەردە دەتوانن هاوکاری و خزمەتگوزاریەکان دابین بکەن.

گروپی هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە بەردەوامە لە بانگەشە کردنی هەردوو لایەنی هاوکارانی کاروباری مرۆیی و دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە سەرەکیەکان کە دەستنیشان کراون لە ناو شوێنە تەنگەتاویەکان و خێوەتگەکان کە لە ئێستادا ئاوارەکان وەردەگرن.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- لە دامەزراوە خێوەتگەییەکان، دامەزراندنی خزمەتگوزاریەکانی هاوکاری پێویستە لەسەر ئەو خێراییەی بمێنێتەوە لەگەڵ ئامادەکردنی شوێنەکان بۆ ڕەشماڵ، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو ئاوارانە دەستیان دەگات بە تەواوی ژمارەیەك لە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان. بەهۆی بارانێکی زۆر، هەندێك لە بەشەکانی خێوەتگەی بنکەی ئاسمانی گەیارە لافاو لێی داوە و کە ئەمەش بنیاتنانی ئاسانکاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام هێواش دەکاتەوە. هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی خێوەتگە کاروانێکی هاوبەشی ڕێکخستووە لەگەڵ گروپی ئاو و تەوالێت و حەمام، گروپی پەناگە و ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی بۆ دەستنیشانکردنی کێشە گرنگەکان لە شوێنەکە.

## پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان

**266,202**
کەس دەستیان پێگەیێندراوە بە پێدانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- خەڵکی لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان پێویستیان بە کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و پەناگەی پارێزراوە. تیایدا لەوانە ئەو خێزانە ئاوارانەی لە پەناگەی کاتیدا نیشتەجێن، ئەو کەسانەی تریش کە لەگەڵ خێزانە خانەخۆییەکان دەمێننەوە و کەسانی تری زیان پێگەیشتوو لە ماڵەکانی خۆیاندا دەمێننەوە.
- پەناگەی پارێزراو، گەرمکەرەوە و سووتەمەنی، جل و بەرگی گەرم و بەتانیەکان بریتین لە پێویستیە لەپێشینەکان.

بەهاناوەچوون:

- هەندێك لە 8,608 پێداویستی کەل و پەلی ناخۆراکی لەم هەفتەیە دابەشکراون. لەوەتەی دەستپێکی بەهاناوەچوون، 44,367 پێداویستی کەل و پەلی خێزانی دابەشکرابوون بەسەر ئەو کەسانەی کە زیانیان پێگەیشتووە لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان.
- 650 پێداویستی سەرەکی زستانیش لەم هەفتەیە دابەشکراون. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، نزیکەی 52 لەسەدای خێزانەکان (22,875 ناو ماڵ) ئەوانیش گەرمکەرەوەکانی دیکەشیان وەرگرتووە، گالۆنەکان بۆ سووتەمەنی و فەرشە گەرمەکان.
- 8,982 خێزان کەل و پەلەکانی تری وەرزیان لەم هەفتەیە وەرگرتووە، وەکو پێڵاوەکان، مافورەکان و سۆپاکان و گەرمکەرەوەکان و بەتانیەکان و فەرشەکانی تریش. کۆی گشتی، لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، زیاترلە 47,623 خێزان دەستیان گەیشتووە بەو کەل و پەلانە.
- کۆی ژمارەی ئەو کەسانەی کە هاوکاری کراون بە پێدانی کەل و پەلە ناخۆراکیەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم بریتی یە لە 266,202 کەس.
- 1,115 ڕەشماڵ لەم هەفتەیە دابەشکرابوون، بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، لەگەڵ 1, 000لەو ڕەشماڵانە دابەشکرابوون بۆ ئاوارەکانی دەرەوەی خێوەتگە لە قەزای کەرکوك. کۆی گشتی 25,229 ڕەشماڵی خێزانی چەسپکراون بۆ دابین کردنی پەناگە لە ناو خێوەتگەکان و شوێنە تەنگەتاویەکان. بۆ دابین کردنی چارەسەریەکانی ماوە کورت و تەنگەتاوی بۆ ئەو کەسانەی کە دەگەنە ناو خێوەتگەکان، 3,284 پێداویستی پەناگەی تەنگەتاوی خێزانی دابەشکرابوون.
- دابەشکردنەکانی کەل و پەلی ناخۆراکی لەم هەفتەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بەڕێوەچوون لە خێوەتگەکانی حەسەن شام و دیبەگە و قەیماوە و جەدعە و ئەل عەلەم.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هاوکارانی گروپ ڕاپۆرت لە بارەی ئەستەمیەکان دەکەن لە پلاندانان و دانانی کاری لەپێشینە دوابەدوای دابەشکردنەکانی هێلی دووەم، بەهۆی سنورداری زانیاری لەسەر پێویستیە مرۆییەکان.
- هاوکاری بۆ خێزانە خانەخۆییەکان بریتی یە لە بۆ شاییەکی بەهاناوەچوون کە گروپەکە دەگەڕێت بەدوای پڕکردنەوەی؛ هەرچەندە، دەستنیشانکردنی ئەگەری سوودمەندبووان و پێویستیە دیاریکراوەکان بریتی یە لە بەرەنگاربوونەوەیەك.
- بەرەوپێشچوون ئەنجام دراوە بۆ باشترکردنی هەماهەنگی لە ناو خودی گروپەکە و هەروەها لە نێوان گروپەکان و کاربەدەستانی تر. هەوڵەکانی تریش پێویستن بۆ زیاتر باشترکردنی هەماهەنگی کردنی هاوکارانی کاروباری مرۆیی بۆ دابین کردنی بەهاناوەچوونێکی گشتگیر و یەکگرتوو بۆ گروپە جیاوازەکانی ئامانجکراو و پێویستیە دیاریکراوەکانیان.

## ئەمن و ئاسایشی خۆراك

**295,349**
کەس دەستیان گەیشتووە بە وەرگرتنی پارچەکانی خۆراکی ٣٠ ڕۆژە لەوەتەی ١٧ تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- خێزانە ئاوارەکان پێویستیان بە هاوکاری خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن لە کاتی گەیشتنیان بە شوێنەکانی پشکنینی ئاوارەکان و خێوەتگەکان، و دوابەدوای هاوکاری لە جۆری پارچەی خۆراکی مانگانە.
- خەڵکانی زیان بەرکەوتو لە ناوچە ئازادکراوەکان، لەوانە خەڵکانی زیان بەرکەوتوو، هاووڵاتیان و کۆمەڵگا خانەخۆییەکان پێویستیان بە خۆراکی ئامادەکراوە بۆ خواردن بۆ بەهاناوەچوونێکی بەپەلە کاتێك دەستگەیشتنی مرۆیی دەکرێت ئەنجام بدرێت و هاوکاری زیاتر لە جۆری پارچەکانی خۆراکی ووشك بۆ تەواوکردنی هاوکاری حکومەت.
- لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان، خێزانەکان ڕاپۆرت دەکەن لەبارەی دەرفەتەکانی دامەزراندنی سنوردار و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خۆراك بریتین لە نیگەرانیە سەرەکیەکانیان. ئەو خەڵکانە زۆرجار دەستیان ناگات بە سیستەمی دابەشکردنی خۆراکی گشتی.

بەهاناوەچوون:

- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هاوکارانی گروپ پارچەکانی خۆراکی ووشکیان دابەش کردووە بۆ کۆی گشتی 8,668 خێزان کە دەکاتە (43,246 کەس)، لەوانە 21,200 ئاوارە نیشتەجێکراون لە چوار خێوەتگەکانی (لە خێوەتگەکانی خازر M1، خازر M2،

حەسەن شام U3 و گەیارە جەدعە) و 22,046 کەسی زیان بەرکەوتوو لە 13 کۆمەڵگای تازە ئازادکراو، بە لەخۆگرتنی حالەتە تێکەڵەکان لەوانە خەڵکی لە لادێیەکانی تری نزیك نیشتەجێبوون.

- هاوکارانی گروپ 4,977 ژەمی گەرمیان بۆ ئاوارەکان دابەش کردووە لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران 3,000 پارچەی خۆراکی ووشکی دابەشکردووە هەروەها 800 پارچەی خۆراکی ئامادەکراو بۆ خواردن لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ و لە لادێ ی تەواچنە و لادێیەکانی نەمروود دابەشکردووە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- گروپی ئەمن و ئاسایشی خۆراك بەردەوامە لە بەهێزکردنی هەماهەنگی لە نێوان هاوکارانی گروپ و کارکردن لەگەڵ هاوکاران لەدەرەوەی سیستەمی گروپەکە. هەوڵەکان بەردەوامن بۆ دڵنیاکردنەوەی کە سەرچاوەکان زیادکراون و دووبارەبوونەوەی گەیاندنی خزمەتگوزاری ڕوونادات.
- لەگەڵ بەهاناوەچوونی تەنگەتاوی هێلی کۆمەکی سەرەکی بەپەلە، گروپەکە بەردەوامە لە بانگەشە کردن و پلاندانان بۆ دڵنیاکردنەوەی هاوکاری بۆ بوژاندنەوەی ژیان و گوزەرانی خەڵکانی زیان بەرکەوتوو، لەوانە دەستپێشخەریەکانی تەنگەتاوی مەرومالات.

## تەندروستی

**91,993**
ڕاوێژکردنی پزیشکی جێبەجێ کراون لەوەتەی١٧ی تشرینی یەکەم

پێویستیەکان:

- ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی زیاتر پێویستن بۆ ڕەوانەکردنی قوربانیەکان لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ بۆ نەخۆشخانەکانی ئاستی دووەم.
- ئاژانسەکانی جێبەجێکردنی کاروباری تەندروستی پێویستە خاڵەکانی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی و نەخۆشخانە مەیدانەکان لە نزیك شاری موسڵ دابمەزرێنن بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی ئاستی دووەم لەوانە (جیاکردنەوەی برینداران، بەڕێوەبردنی ڕاتەکانی دەروونی و نەشتەرگەری).

بەهاناوەچوون:

- هاوکارانی تەندروستی ڕاپۆرتیان کردووە بۆ کۆی گشتی 17,743 ڕاوێژکردن لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە. لەو ژمارەیە، 2,953 ڕاوێژکردن بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵی ئەنجام دران. لەم هەفتەیە 661 کەس لە موسڵەوە ڕەوانەکرابوون بۆ نەخۆشخانەکان لە هەولێر بەهۆی برینەکانی ڕاتەکانی دەروونی، زۆرینەی ئەو بریندارانە بەهۆی کەوتنە بەر تەقەکردن و بریندار‌بوون بەهۆی تەقەکردنی ناڕاستەوخۆ. 1,460ڕاوێژکردنی چاودێری تەندروستی ئافرەتانی دووگیان ڕاپۆرت کرابوون، لەگەڵ 115ڕاوێژکردن بۆ هاوکاری کردنی تەندروستی مێشك و دەروونی و کۆمەڵایەتی. کۆی گشتی 1,084 کوتان بۆ نەخۆشی سۆریکە و 1,045کوتان بۆ نەخۆشی ئیفلیجی بەڕێوەبردرابوون بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵی.
- دوو ڕاوێژکار کە شارەزاییان هەیە لە نەشتەرگەری ڕاتەکانی دەروونی سیمینارێکیان ئەنجام دا لەسەر بەڕێوەبردنی ڕاتەکانی دەروونی لە ماوەی جەنگ لە نەخۆشخانەی فێرکاری ئازادی دهۆك بۆ ٢٥ دکتۆر.
- سەنتەری چاودێری تەندروستی لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ هاوکاری کراوە بە پێدانی دوو لە پێداویستیەکانی تەندروستی تەنگەتاوی سەرەتایی، کە تیایدایە لەوانە کۆمەکیە سەرەکیەکانی پزیشکی بۆ زیاتر لە 2,000 کەس.
- خاڵەکانی سەقامگیرکردنی ڕاتەکانی دەروونی فۆڕمی گونجاوی ڕەوانەکردنی نەخۆشیان بۆ دابین کرابوو بۆ یارمەتی دان لە ئاسانکردنی پرۆسەی ڕەوانەکردن بۆ حالەتەکانی کە دەگوازرێنەوە بۆ نەخۆشخانەکان لە ناو هەولێر.
- نۆرینگەیەکی پزیشکی گەڕۆکی تر ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی نەینەوا کرابوو تاکو بەکاربهێندرێت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناوچەی لادێ ی تۆبزاوە.
- هاوکارانی جێبەجێکاری تەندروستی هەڵسەنگاندنیان بۆ لادێیەکانی دێریج و سەماقیە و بەیۆخت کردووە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی پزیشکی گەڕۆك. یەکە گەڕۆکەکانی پزیشکی لە ئامادە باشیدا دەمێننەوە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان کاتێك شوێنەکان لە قەزای تەلکێف و تەلعەفەر دەتواندرێت دەستیان پێبگەێندرێت.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هەوڵەکان دراون بۆ بەهێزکردنی زنجیرەی کۆمەکی زۆر پێویستی دەرمان بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان، هەروەك بەشێکی زۆری باڵەخانەکانی چاودێری تەندروستی دووچاری کەم و کوڕیەکان دەبنەوە.

## ئاو و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکان و پاك و خاوێنی

**344,225**
کەس لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە هاوکاری و خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمامیان وەرگرتووە

پێویستیەکان:

- زیاتر لە ٢٥ گەڕەکی ئازادکراو لە ناو ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەناڵێنن بە دەست نەبوونی ئاوی خواردنەوە بەهۆی زیان پێگەیشتنی بۆریەکانی گەیاندنی ئاو و کارنەکردنی ووێستگەکانی پەمپی ئاو.
- خێوەتگەی بنکەی ئاسمانی گەیارە بەهۆی بارانە بەلێزمەکان زیانیان پێگەیشتووە لە ماوەی ئەم هەفتەیە، نیگەرانیەکان بەرزدەکاتەوە لە بارەی ئەگەری دروستبوونی لافاو لە ژێرابەکانەوە هەروەها زیادبوونی لێڵی لەناو ڕووبارەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە جۆریەتی ئاوەکە.
- زیادبوونێکی بەرچاو لە ژمارەی ئاوارەکان هەیە لە خێوەتگەی بنکەی ئاسمانی گەیارە لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا کە پێویستی زیادکردووە بۆ پەرەپێدانی زیاتری ژێرخانی گەیاندنی ئاو بە بەردەوامی لە ناو خێوەتگەکە.

بەهاناوەچوون:

- 83,000ئاوارە کە دەکاتە (13,850خێزان) خزمەتگوزاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام وەردەگرن لە ناو خێوەتگەکان و شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان.
- تانکەری ئاو بەردەوامی هەیە لە ناو 15 گەڕەکی ڕۆژهەڵاتی موسڵ، کە نزیکەی 450,000 لیتری ئاو ڕۆژانە دەگێنێتە نزیکەی 45,000 کەس. 50 تانکەری ئاو لە مزگەوتەکان، قوتابخانەکان، سەنتەرەکانی تەندروستی سەرەتایی و باڵەخانە گشتیەکان چەسپکراون بۆ ئاسانکاری کردنی دابەشکردن.
- ٥ بیری ئاو دووبارە چاڵاککراونەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ لە خەزان و بازوایە، کە ڕێگە بە پڕکردنەوەی تانکەرەکانی ئاو دەدات.
- لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، 1,950 شوێنی ئامادەکراوی ئاو و تەوالێت و حەمام لە ناو خێوەتگەکان ئامادەکراون. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 23,886 شوێنی ئامادەکراوی ئاو و تەوالێت و حەمام ئامادەکراون لەسەرانسەری 10 خێوەتگە و شوێنی تەنگەتاوی و 423 شوێنی تەوالێت و حەمام لە شوێنەکانی کاتی گواستنەوەی ئاوارەکان ئامادەکراون، بۆ خزمەتکردنی 147,654 ئاوارە. ئەمەش تیایدا لەوانە ئاسانکاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام بۆ 3,750 شوێن لە ئێستادا داگیرکراوە لە ناو خێوەتگەی فراوانکراوی حەسەن شام. بنیاتنانی ئاو و تەوالێت و حەمام لە خێوەتگەی چەمەکۆر بەردەوامی هەیە.
- هاوکاری ئاو و تەوالێت و حەمام لە سەنتەرەکانی پێشوازی کردنی ئاوارەکان بەردەوامە، لەگەڵ بنیاتنانی ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێن کردنەوە لە سەنتەری پێشوازی کردنی کەخێرتە، بۆ ئەو کەسانەی کە دەگوازرێنەوە بۆ خێوەتگەی ئەمەلە.
- بنیاتنانی خێوەتگەی حاج عەلی بۆ 1,000 شوێنی سەرەتایی بەردەوامی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ٢ قوتابخانە هاوکاری کراون بە پێدانی ئاسانکاریەکانی ئاو و تەوالێت و حەمام لە لادێ ی حاج عەلی.

- لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، خاڵەکانی تەنگەتاوی ئاو، تەوالێت و حەمامە فابریکیەکان لە لادێ ی بەیۆخت بنیاتنرابوون، کە ئەمەش بە تەواوی پێویستیەکانی تەوالێت و حەمام پڕدەکاتەوە لەو شوێنەی گواستنەوەی کاتی ئاوارەکان (لە نزیك شاری تەلکێف).

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- دابین کردنی کلۆر بۆ ووێستگەکانی چارەسەری ئاو لە هەندێك ناوچە نەتوانراوە ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی لە حەمام عەلیل، بەهۆی نیگەرانیەکانی ئەمن و ئاسایش. ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو دەبێتە هۆی مەترسی زیادبوونی نەخۆشیە گواستراوەکان لە ڕێگای ئاو لە شارۆچکەکە، هەروەك ئاوی ڕووبارەکە بەبێ هیچ چارەسەرێك و لابردنی میکرۆب بەکارهێندراوە.
- دابین کردنی ئاو لە لادێیە ئازادکراوەکان سنووردارە و مەترسیەکی زۆر هەیە لە بارەی پیسبوون بەهۆی بۆمبە چێندراوەکان لە عەمبارەکانی ئاو، وەکو ووێستگەکانی پەمپی ئاو، بیرەکان و ووێستگەکانی چارەسەری.
- فراوانکردنێکی خێوەتگەی جەدعە لە ماوەی ئەم هەفتەیە دەرگای کرایەوە پێش ئەوەی تەوالێت و حەمام بەرجەستەبکرێن. هاوکاری تەنگەتاوی سەرەتایی بۆ ئاوارەکان لەوێ دابین کراوە، لەگەڵ گفتوگۆیەکان لەگەڵ هاوکاران بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان لە تەوالێت و حەمامەکان و خاڵەکانی دابەشکردنی ئاو بەردەوامیان هەیە.

## پاراستن

پێویستیەکان:

127,675

کچ و کوڕ و ئافرەت و پیاو دەستیان پێگەیێندراوە بە دەستپێشخەریەکانی پاراستن و خزمەتگوزاریەکان لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم

- ئاوارەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگەکان و هاووڵاتیانی زیان بەرکەوتوو کە ئاوارە نەبوون پێویستیان بە پاراستنە. سەرۆك خێزانە ئافرەتەکان، ئافرەتانی دووگیان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، منداڵان و بەساڵاچووان ئەو کەسانەشی کەوا دەزاندرێت سەر بە داعش بن لە مەترسیەکی تایبەتیدان و هەموویان زیانیان پێگەیشتووە.
- مادده تەقەمەنیە ژەهراویەکان، پاشماوەکانی تەقەمەنی جەنگ و بۆمبەچێندراوەکان بەردەوام دەبنەوە ڕێگر وەك مەترسیەکی گەورە لە ناو شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری.
- پێویستیەك هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە میکانیزمەکان لە شوێنەکەدان بۆ هاوکاری کردنی منداڵانی زیانپێگەیشتو، بەتایبەتی منداڵانی بێ هاوەڵ و منداڵانی جیابۆوە لە خانەوادەیان، و ئەو منداڵانە پێویستیان بە هاوکاری چنینە.
- سنورداریەکان لە بارەی ئازادی لە جولانەوەی ئاوارەکان لە شوێنەکانی ئاوارەبوون و لادێیەکان بریتین لە نیگەرانیەکان.
- توندوتیژی سێکسی کە ئاراستەی ئاوارەکان کراوە بریتی یە لە نیگەرانیەکی تایبەت.
- پێویستیەك هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی ڕێزبەندی لە ماوەی دابەشکردنی هاوکاری تاکو ئافرەتان و منداڵان نەخرێنە دەرەوەی لیستی دابەشکردن.
- پێویستیەك هەیە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە خێوەتگەکان ڕووناککەرەوەی گونجاویان هەیە لە کاتی شەودا بۆ زیادکردنی سەلامەتی ئاوارەکان.

بەهاناوەچوون:

- کۆی گشتی، لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 127,675 کەس دەستیان پێگەێندراوە لەلایەن هاوکارانی پاراستن.
- سێ هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن، لە فازلیە و خێوەتگەی بنکەی ئاسمانی گەیارە، و ناحیەی ناوران لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا جێبەجێکران. ١٨ هەڵسەنگاندنی بەپەلەی پاراستن لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لە دامەزراوەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێوەتگە جێبەجێکراون. ئەو هەڵسەنگاندنەی لە ناو فازلیە ئەنجام درا ئازادیەکی بەرچاوی لە سنورداری جولانەوەی زۆربەی خەڵك دۆزیەوە کە لە ناوچەکە ژیان دەگوزەرێنن.
- لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 4,089 سەرۆك خێزان کە دەکاتە (22,374 کەس) دەستیان پێگەێندراوە لەلایەن تیمەکانی چاودێری پاراستن؛ 6,283 کەسی تر هاوکاری کراون بە پێدانی هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی گشتی و 613 حالەت ڕەوانەکرابوون لەلایەن تیمە گەڕۆکەکانی پاراستن بۆ هاوکاری کردنی تایبەت.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 4,037 منداڵ کە دەکاتە (1,908 کچ و 2,129 کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی وەرگرتووە، و 4,358 منداڵ کە دەکاتە (2,098 کچ و 2,260 کوڕ) کۆمەکی فریاگوزاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم، 13,744 منداڵ کە دەکاتە (6,453 کچ و 7,291 کوڕ) هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە. 15,684 منداڵی تر کە دەکاتە (7,749 کچ و 7,935 کوڕ) کۆمەکی فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی و کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە.
- ٧٠ منداڵی بێ هاوەڵ و جیابۆوە لە خانەوادەیان کە دەکاتە (20 کچ و 50 کوڕ) تۆمارکراون لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بەمەش کۆی گشتی دەگاتە 156 منداڵ کە دەکاتە ( 44 کچ و 112کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، ٧٩ منداڵ کە دەکاتە (42 کچ و 37 کوڕ) ڕەوانەکراون بۆ کارمەندانی حالەتی منداڵان، بەمەش کۆی گشتی ژمارەی منداڵان دەگاتە 263 منداڵ کە دەکاتە (108 کچ و 155 کوڕ) لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم.
- لە ماوەی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، 3,873 کەس کە دەکاتە (1075 کچ و 1295 ئافرەت و 743 کوڕ و 760 پیاو) زانیاریان وەرگرتووە لەسەر کەمکردنەوەی مەترسی لەبارەی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و خزمەتگوزاریەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی. هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی یان ڕاوێژکردنی قەیران بۆ 619 کەس دابین کرابووکە دەکاتە (189 کچ و 333 ئافرەت و 35 کوڕ و 62 پیاو)، لەگەڵ ٩٦ ڕەوانەکردن بۆ چاودێری تایبەت، لەوانە بەڕێوەبردنی حالەتی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی.
- هاوکارانی گروپی کاری مین هەڵگرتنەوە پەروەردەیان دابین کردووە لەسەر مەترسی مین و ڕزگارکردنی ژیان بۆ کەمکردنەوەی ئەو مەترسیەی کە هاتوتە کایەوە بەهۆی مادده تەقەمەنیە ژەهراویەکان بۆ 10,168 کەس لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم. لەم هەفتەیە پێنج مەشقکردن لەسەر مەترسی مادده تەقەمەنیە ژەهراویەکان دران بە ٧٠ ستاف لەلایەن ڕێکخراوە فریاگوزاریەکان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- نەبوونی هاوکاری یاسایی بۆ هەرزەکارە گیراوەکان دەستنیشان کراون وەك بۆشاییەکی بەرچاو لە هەندێك ناوچە.
- دڵنیاکردنەوەی خەسڵەتی مەدەنی هەندێك لە شوێنە دیاریکراوەکانی ئاوارەبوون بریتی یە لە ڕێگریەکی گەورە لە باشوری شاری موسڵ.
- هەروەك لێشاوی ئاوارەکان لە موسڵەوە بەردەوامە، توانای سنورداری خێوەتگە لەوانەیە ئاوارەکان یان گروپی دیاریکراوی ئاوارەکان بخاتە ناو شوێنە تەنگەتاویەکان، یان مەترسیان لەسەر دەبێت زۆرەملێیان لێبکرێت یان گەڕاندنەوەی هەرزەکاران.
- لە ناو خێوەتگەی خازر، شوێنە تایبەتەکان بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ ڕزگاربووانی دەستی توندوتیژی لەسەر بنەمای ڕەگەزی سنوردارن.

## پەروەردە

| |
|---|
| 9,354 |
| کوڕ و کچ دەستیان بە خوێندن کردووە لە ژینگەکانی فێربوونی کاتی |

پێویستیەکان:

- کۆی ژمارەی منداڵانی ئاوارە کە تەمەنی قوتابخانەیان هەیە لە ناو خێوەتگەکان بریتی یە لە 36,355 منداڵ، لەگەڵ 27,000 منداڵانی ئاوارە کە لە دەرەوەی قوتابخانەن دەستیان ناگات بە هیچ پەروەردەیەکی فەرمی.
- ژمارەیەکی نەزانراو لە منداڵان لە ناوچە تازە ئازادکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی موسڵ پێویستیان بە پەروەردەیە، قوتابخانەیان لەدەستداوە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ.

بەهاناوەچوون:

- کۆی گشتی ١٧ شوێنی فێربوونی کاتی لە خێوەتگەکانی خازر و حەسەن شام و جەدعە و قەیماوە و شوێنە تەنگەتاویەکان دەست بە کاربوون، 9,354 منداڵ پەیوەندیان بە پۆلەکانەوە کردووە کە پێك دێن لە (4490 کچ و 4864 کوڕ).
- ٢٧ هاوکارانی پەروەردە (ڕێکخراوە ناحکومیە نەتەوەییەکان و ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و دامەزراوەکانی حکومی نیشتمانی) بەشداریان کردووە لە مەشقکردنێکی سێ ڕۆژە لەسەر هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ڕاهێنەران لە ناو دهۆك. ئەمەش بە ئامانجی باشترکردنی جۆری پەروەردە لە تەنگەتاویەکان. بەشداربووان ئێستا مەشق بە مامۆستاکان دەکەن لە ناو ژینگەکانی فێربوونی کاتی.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- ڕەشماڵەکانی ژینگەی فێربوونی کاتی لە ناو خێوەتگەی جەدعە بە شێوەیەکی خراپ زیانیان پێگەیشتووە بەهۆی کەش و هەوای خراپ، لەگەڵ هەندێك لە ڕەشماڵەکان داڕووخاون. ئەو کاتەی ژینگەکانی فێربوونی کاتی دامەزران، هاوکاران دەست بەکار دەبن بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو شوێنانە کە کەل و پەلەکانی وەرزی زستانیان تێدایە لەوانە مافورەکان و گەرمکەرەوەکان.
- توانای هاوکاران بۆ خێراکردنی هاوکاری سنوردارە لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە، لەو شوێنەی کە منداڵان لەوانەیە لە دەرەوەی قوتابخانە بووبن بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ.

## کەل و پەلەکان

| |
|---|
| 4,100 مەترسێجا |
| لە کۆگای کەل و پەلی ناخۆراکی ڕادەستکراون بە ناوی ١٠ ڕێکخراو |

شوێنی کۆگای باو کە لەبەردەستدایە بریتی یە لە:

16,653مەتر دووجا

بەهاناوەهاتن:

- لە نێوان ١٢ و ١٨ی کانوونی یەکەم، داوایەکان لەلایەن نۆ ڕێکخراوی ناحکومی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگیراون و چوونەتە پرۆسەوە بۆ خەزن کردنی لە کۆگای کەل و پەلی مرۆیی.
- لە ماوەی ئەم هەفتەیە، سێ گەشتی ئاسمانی بارهەڵگر بە بڕی 764 مەتر سێجا لە بەشداریکردنەکانی جۆری میکانیزمی پاراستنی سەر بە یەکێتی ئەوروپا (لەوانە تیایدا پەناگە و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و ئاو و تەوالێت و ئامێری تەندروستی) گەیشتە هەولێر. گرووپی کەل و پەل، لەڕێگەی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ئۆچا، ئامادەکاری دەکات بۆ پاکانەی گومرگ، پسوولە، کۆگا و ناردنی ئەو کەل و پەلانە بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان.
- لە بەهاناوەچوون بۆ داوایەکان، گرووپی کەل و پەل باڵەخانەیەکی کۆگای باو لە زومار دادەمەزرێنێت. سێ یەکەی کۆگای گەڕۆك کە 960 مەتر دووجا لە شوێنی زیاتر دابین دەکات بۆ ڕێکخراوە مرۆییەکان بۆ بەکارهێنان بۆ چالاکیەکانی ئۆپەراسیۆنی بەهاناوەچوونی موسڵ.
- گرووپی کەل و پەل هاوکاری ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی دەکات بە پێدانی قەرزی هەشت لە یەکە گەڕۆکەکانی کۆگا بۆ بەهاناوەچوونی مرۆییان.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- پێویستیەك دەمێنێتەوە بۆ شوێنی کۆگای زیاتر لە ناوەوە و دەوروبەری دهۆك.

## پەیوەندیە فریاگوزاریەکان

بەهاناوەچوون:

> **ڕۆژانە**
> هاوکاری کردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە ژێرخانی پەیوەندی کردنی مرۆیی

- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان بەردەوامە لە دابین کردنی مەشقکردن لەسەر ڕادیۆ بۆ هاوکارانی کاروباری مرۆیی، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە کاروانە مەیدانیەکان ئەنجام دەدەن بۆ خێوەتگە تازەکان. لە کاتێکدا کە بارودۆخی ئەمن و ئاسایش زۆر دژوارە، توانای بەکارهێنانی ڕادیۆکان و ئەنجامدانی پشکنینی ڕادیۆ زۆر گرنگە.
- گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان ئامێری ناردووە بۆ نووسینگەی مێرسی کۆرپسی ڕێکخراوی ناحکومی لە شارۆچکەی گەیارە بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیەکانی ئەمن و ئاسایش بۆ ستافی مرۆیی. ئەو خزمەتگوزاریانە پێویستیەکانی خێوەتگەکانی جەدعە و بنکەی ئاسمانی گەیارە و حاج علی.
- لە ڕێگەی ڕێکخراوی تیلیکۆمس سانس فرۆنتیرس، هەروەها گروپی پەیوەندیە فریاگوزاریەکان خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت دادەمەزرێنێت بۆ ستافی مرۆیی لە نووسینگەی مێرسی هاندس لە شارۆچکەی گەیارە، لەگەڵ پێکەوەبەستنێك دامەزراوە بۆ نووسینگەی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لە خێوەتگەی بنکەی ئاسمانی گەیارە.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان:

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی و خزمەتگوزاریە باوەکان

بەهاناوەچوون :

> **ڕۆژانە**
> بەدواداچوونی ئاوارەبوون بۆ قەیرانی موسڵ

- سەنتەری زانیاری ئاوارەکان 1,351 پەیوەندی تەلەفۆنی ئەنجام داوە لە ڕێگەی سەنتەری پەیوەندیکردنەکەیەوە. لەو ژمارەیە 25 پەیوەندی بەشداریان پێکرابوو لەگەڵ هاوکاران بۆ کاری بەدواداچوونیان. زۆرینەی پەیوەندیەکان کە پەیوەندیان بە خێوەتگەکانی موسڵەوە هەبوو داوای هاوکاری خۆراك و کارەبا و کەل و پەلە ناخۆراکیەکان و سووتەمەنی و ئاوی خاوێن و تەندروستیان دەکرد.
- تۆمارکەری بەدواداچوونی تەنگەتاوی سەر بە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی بەردەوامە لە دابینکردن زانیاری ڕۆژانە لەسەر ئاوارەبوون لە ڕێگەی پۆرتاڵی خۆی لە موسڵ.

بۆشاییەکان و ڕێگریەکان :

- هیچ شتێکی بەرچاو نیە تاکو ڕاپۆرتی لەبارەیەوە بکرێت.

## هەماهەنگی کردنی گشتی

تیمێکی ڕاوێژکاری باڵا کە پێك دێن لەوانە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی سەربازی و ڕێکخەری مرۆیی بە بەردەوامی کۆدەبنەوە بۆ بەڕێوەبردنی کێشە ستراتیجیەکانی مرۆیی. تیمی ڕاوێژکاری باڵا دڵنیایی دەدات لە تەواوی هەماهەنگی لە نێوان هەموو هاوکارانی کاروباری مرۆیی لە بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. خانەیەکی تەنگەتاوی کە پێك دێن لە سەرکردەی گروپی ئاژانسەکانی کە لە بەهاناوەچوون بۆ موسڵ کاردەکەن و بەسەرکردایەتی لەلایەن ڕێکخەری مرۆییەوە هەفتەی سێ جار کۆدەبنەوە و بە گوێرەی پێویست. تیمی مرۆیی لە وولات وەکو پێکهاتەی ستراتیجی هەماهەنگی دەمێنێتەوە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکارانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بۆ تێڕوانینی بەهاناوەچوونی مرۆیی لە عێراق. گروپی هاوبەشی کارکردن، کە پێك دێن لە سەنتەری هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران و ئۆچا هەفتەی جارێك کۆدەبنەوە بۆ دڵنیابوون لە هەماهەنگی کرداری بۆ بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ. ئۆچا سەنتەرێکی ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی لە هەولێر دامەزراندووە. سەنتەری ئۆپەڕاسیۆنی مرۆیی هەماهەنگی لە نێوان گروپەکان و ڕێکخەرانی ناوچەکان و ڕێکخەری مرۆیی بەهێزدەکات. چوارچێوەیەکی هەماهەنگی مرۆیی مەدەنی – سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاسانکاری دەکات بۆ دەستگەیشتی مرۆیی، پاراستنی هاووڵاتیان و ئەمن و ئاسایشی کارمەندانی فریاگوزاری مرۆیی.

ئەو دیوی قەیرانەکە

توندوتیژی فراوان و ململانێ ی چکداری لە عێراق لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤سەری هەڵدا. لە سەرەتادا لەسەر پارێزگای ئەنبار، لەگەڵ شارەکانی ڕومادی و فەللوجە جەختی کردەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت زیانیان پێگەیشت، توندوتیژیەکە و کاریگەریەکەی بە خێرایی تەشەنەی کرد، کە بووە هۆی ئاوارەکردنی زیاتر لە ٥٠٠٠٠٠ کەس لە مانگی ئایار. لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، داعش، بەیەکەوە لەگەڵ گروپە چەکدارەکان، هێرشیان کرد و کۆنترۆڵی دووەم گەورەترین شاری عێراقیان کرد موسڵ، بەشێکی زۆری باکوری عێراق، لەوانە پارێزگاکانی ناوچەکانی دیالە و کەرکوك و نینەوا و سەڵاحەددین. ئەمەش بووە هۆی بەردەوامی ململانێ ی چەکداری، ئاوارەبوونی بەلێشاوی ناوخۆیی، پێشێلکردنەکانی ڕاستەقینە و سیستەماتیکی پاراستنی هاووڵاتیان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، پچڕاندنی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، و کۆت و بەندی خراپ لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان. وەك دەرەنجامێك، عێراق لە ئێستادا دووچاری یەکێك لە گەورەترین قەیرانە مرۆییەکان دەبێتەوە لە جیهان، لەگەڵ زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری مرۆییە. زیاتر لە ٤ ملیۆن عێراقی لە ناوخۆ ئاوارەبوون بەهۆی توندوتیژی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. لەو ژمارەیە، نزیکەی ٣،١ ملیۆن کەس لە ئێستادا ئاوارەبوون.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن:
بۆ پرسیاری ڕاگەیاندن، کەریم ئەلکورانی، elkorany@un.org, Tel: +964 790 193 1292
بۆ پرسیاری تر: دامیان ڕانس، rance@un.org
بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن : www.reliefweb.int
بۆ زیادکردن یان لابردن لە لیستی ئیمەیڵ: http://bit.ly/2dDYK3D